Kurdistan.net کوردستان نێت

# شەوەزەنگی هەتاو

کە (ڕێگا)م بینی، سەرەتای هەوڵدانێکی نوێ و بەگوڕو هێزم بینی، کە یەڵماز چوو لە پاش خۆی ڕێگای پیشانی ئێمەدا، من لەوە دڵنیابووم کە دێن، براکانی یەڵماز بەڕێگاکەی ئەودا دێن و لە بەر بڵندی بالاّی کوردایەتی و هونەری بەرزی ئەودا سەر نەوی دەکەن و بەرەو هەواری گەشتری کوردایەی درێژە بە ڕێگاکەی ئەو دەدەن. تاقەفرمێسکێکی دایکێکی پیر لە باکور، دڵۆپە خوێنێکی ڕژاوی باپیرەیەک لە خۆرهەلاّت وهەناسەیەکی ساردی خوشکێک لە باشور وەک دانەکانی ملوانکەیەکی شینی باوەڕن پێکەوە نەتەوەیەک پێکدێنن کە کوردە و باوەڕێک کە کوردایەتییە. ئەوا هاتن براکانی خۆرهەلاّتی توێشوی ڕێیان ڕوانینەکانی یەڵمازە و ورەی هەنگاونانیان عیشقی کوردایەتی، دەیانەوێ بەهەمان ڕێگادا بەرەو ئامانجە بەرزەکەیان هەنگاو بنێن.

کە مرۆڤ باوڕی بە نەتەوەکەی خۆی هەبوو، کە مرۆڤ بە عیشقێکی یەزدانییەوە خواستی خزمەتکردن لە دەرونیدا بۆ نەتەوەکەی چرای ڕێگای بوو، کە مرۆڤ گەرەکی بوو فەرمانی یەزدانیی (ئەوانەتان خۆشبوێت کە لە زەویدان، ئەوی لە ئاسمانە خۆشیدەوێن) جێبەجێ بکات، ئیدی سەرکەردان نابێت و سەردەکەوێت بەسەر شەیتانی نەفرینکراوی دەروونیدا و لە پلەیەکی بەرزی مرۆڤ بووندا، لە ڕێگای خزمەت بە نەتەوەکەی خۆیەوە، ئەرکی مرۆڤبوونی خۆی بەجێدێنی، نەکەس تەفرەدەدات و نە تەفرەی کەسیش دەخوات، ڕێز لە پلەی مرۆڤ بوونی خۆی دەگرێت و سوپاسگوزاری ئەوشایستە بوونەیە کە بەمیان وەک مرۆڤ ڕەوا بینی و ئەو پەیمانەی سەرەتای لەیادە کە قەبوڵیکرد مرۆڤ بێت و بەجێهێنەری ئەرکەکان و بەڵێنیدا تا گەڕانەوە بۆ سەرەتا و یەکالابوونەوەی ئەم ئاشوفتەکییەی ناوی ژیانە، بە خزمەتکردن بە نەتەوەکەی خۆی، پابەندی فەرمانە ئاسمانییەکان بێت.

لەسەر (ڕێگا)کەی یەڵماز کۆمەڵێک ئەسپی مەستی بەهمەنم دی دەیان حیلاند، ئەوان مەستی عیشقی بەهمەن بوون بۆ کوردستان، خوویان بە ئازارە قوڵەکانی بەهمەنەکەی بانەوە گرتبوو و خۆشیان دەویست(کیانە غەم دەوامی زۆرە زوو دەڕوا لە دڵ سەیرو سەفا)، بە بێ بەهمەن ئەمان چەند ئەسپێکی قاچاخچییەک بوون، ڕەنگە زۆرجار گوناهیان لێبارکرایە، ئەوا ئێستا، کاکە بەهمەن پەیامێکی بڵندی لێبارکردوون، ئێستا ئەوان نەک هەر مندالانی کوردسوارپشتی خۆیان دەکەن و بۆ لای مەهدیان دەبەن کە وەک مرۆڤێک لە کونجێکی ئەم کوردستانە داگیرکراوەدا، خەون بەوەوە دەبینێت کە نییەتی(هێز و توانا و بالا)، بەڵکە وەک هەڵگری پەیامی کامێراکەی کاکە بەهمەن، بە بێڤیزا خۆ دەکەن بە هەموو پایتەختەکانی جیهانداو مەهدیان لەسەر پشتی خۆیان هەڵگرتووە و بالاّ نا، بەلاّم دوو باڵی تیژڕۆیان داوە بە مەهدی کە هەموو مندالانی دنیا بەغیلی پێدەبەن.

دەبێ وابێت، ئەسپی کوردی دەبێ مەستبێ و سوارەی کوردیش عاشقی عاشق، نابێ ڕەنگت لە کەس بچێت، بۆچی زامەکەت لە کەس دەچێت؟!! دەبوو وابێت، تا کوردستانێکی ئازاد، تایەککگرتنەوە، هەموو کەسێ هەموو شتێ **پسوڵەی ڕەوشتی** کوردایەتی خۆی هەبایە، کوردستان بۆ ئەوە ناشێ هەموو گەرەلاوژەیەک، بەناوی هونەری کوردییەوە و هەموو گەڕاوەیەک لە ئەوروپا بە ناوی هونەرمەندەوە، هەموو ژنێک بە ناوی نوێنەری ژنانی کورد لە ئەوروپا؟!!، گەرای ژاراویی تێدا بخەن.

مەگەر خوشک و دایکەکانمان لە ولاّت بێسەروەرین تاکو ژنانی ئەوروپانشین، سەروەریان بۆ بگەڕێننەوە، ئەوان نەک نوێنەری ژنانی کورد نین لە ئەوروپا بەڵکو تەنانەت نوێنەرایەتی

خێزانەکانی خۆیان پێناکرێت و نەکراوە، ڕۆشنبیرانی!! چەپی دۆڕاوی دوێنێ و شاگەشکەبووی دنیای سەرمایەداریی ئەمڕۆ، دەیانەوێت لەو بەهاونرخانە بدەن کە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی سەدان ساڵە، دایک و خوشک و هاوسەرانی کورد، بەهۆیانەوە سەربەرزانە بەرامبەر بە ستەمکاران، بوونە پشتیوانە و هاندەرێکی بەهێز بۆ باوک و کوڕ و برا و هاوسەرانیان، هێزی تاریکی و بێبەندوبار کە دەیەوێت بە سوود وەرگرتنی ناجوامێرانە لە باروودۆخی وڵات، پەلاماری بەهاونرخە کوردییەکان بدات و درێژە بە و فەسادە بدات کە ڕژێمی پیسی بەعس دەیویست بە ڕوخاندنیان ئەوبەشە لە نەتەوەی کوردیش لە باشوری کوردستان، بەتاڵ بکاتەوە لە سەروەرییەکانی کاڵ و پاوان. ئێستا پاڵەوانانی دۆڕاو بەناوی جۆریەجۆر و بەهەر بەهانەیەکەوە بێت، پەلاماری کورد و کلتورەکەی دەدەن.

واتە بێڕێزیکردن، بە پەیامە پیرۆزەکەی حاجی قادری کۆیە و مەلای جەزیری و مەردۆخی کوردستانی و خانی و مەولەوی و پیرەمێرد و سەی ئەسکەر... ئایا گۆرانی و خۆیادانەکانی گۆرانی بێژانی کورد، بەداخەوە، بەرماوەی دەیان ساڵەی سەماکاکانی ئەوروپا نییە؟!! باس لە ئازادی چی دەکەن، کاتێ لە سلێمانی و هەولێر بچنە دەرەوە زمانی کوردی قەدەغەیە؟!!سەت کیلۆمەتر دوور لەو سێ شارە، کوردبوونیش قەدەغەیە!!!!!!!!.

شارستانی بوون، پلەی هەستکردنی مرۆڤە بە ئازاری بەرامبەرەکەی و وەفایە بۆ ئازاری خەڵق. بەتایبەت ئەم بەتەنگەوە هاتنە بۆ تاکێکی کورد، بەرپرسبوونەکەی دەبێتە سەت ئەوەندە، چونکە ئێستا وەدی هێنانی داخوازییەکانی کورد گەلێک ئاڵۆزترە لە ڕابوردوو. ئێستا ئامرازەکانی کارکردن بۆ مەسەلەکە فراوانتر و لەبەردەستترە، بەڵام ئەمە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک ئامادەبوونی تری دەوێت کە ئەگەر بەوجۆرە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەین، ئەو ئامرازانە دەبنە مایەی دەردیسەری گەلێک مەزن، کە خواستەکانی نەتەوەکەمان دەخەنە ژێر پرسیارەوە، یەک لە هۆکرنگەکانی چەواشەبوون، بەکارنەهێنانی (هۆکانی ڕاگەیاندن)ە بە ئاراستەی وەدی هێنانی خواستەکان، یەک لەهەرە سادەهزرییەکان بەراورد کردنی ڕۆژهەلات و خۆراوایە، من بۆ ئەوەی بتوانم یەک سەعات لەمەڕ خۆراواوە بدوێم،(مەبەستم لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە کە ئەرکی هەرەگرنگی نووسینێکە) پێویستم بە دووسەت سەعات هەیە، مەسەلەکان فرە لەوە قوڵتر و ئاڵۆزترە کە تاکێکی مەستی ژیانی ڕوکەشی سوێد، بێهەستی بەرپرسبوون بەرامبەر نەتەوە و ڕاستییەکان، گەرەکێتی ئەو بەشە لەنەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان بەرەو زۆنگاوی سەرلێشێوان و لاسایکردنەوە بەرێ ئەمە خودی زەدەی خۆراوابوونە، چونکە تێنەگەیشتن لە خۆراوا و سیاسەت و کۆمەڵگای خۆراوا، مرۆڤەکە زەدەی خۆی دەکات کە ئێستا لەو ئەوکەسانە، ژن بن یاخود پیاو، لە ناو کوردا ژمارەیان گەلێکە.

لەکاتێکدا ڕۆشنبیرانی خۆراوایی تاسەر ئێسقان نیگەرانی ئایەندەی کۆمەڵگاکانی خۆیانن و یەکێک وەک کارل هاملتۆن کۆمەڵگای سویدی بە کۆمەڵگایەکی سەرەتایی دادەنێت و دەڵێت: (ئێستا دایکان ڕۆڵی کچە سیازدە ساڵەکانیان دەبینن و کەنیشکە سیازدە ساڵەکانیشیان بەناچاری ڕۆڵی دایکێکی پەنجا ساڵی)، دەیەوێت بڵێت کۆمەڵگا شێواوە و بەرەو هەڵدێر دەچێت، کەچی تاکی کوردی بێوڵاتی زامدار، گەرەکییەتی بەهاونرخێک، کەلە ڕاستیدا پوچێتییە، بکاتە دیاری دەستی زەمانی سەرلێشێواوی خۆی لە سوید، بۆ نەتەوە بریندارەکەی، من بۆ ئەوی باسی بکەم کە بۆچی دایکم بەتەنیا لە

سلێمانی و کەسوکاری هەموو لە سنەن، دەبێ چیرۆکێکی پەنجاساڵەیی لە زوڵمی ڕژێمەکانی ئەمدیو و ئەودیو بۆ سویدییەکەی بەرامبەرم بگێڕمەوە، بەڵام هێشتاش لێم تێناگاو لە کۆتاییشدا پێم دەڵێت، کەس نازانێ کێ لەسەر حەقە و ئیدی دڵم وادەشکێنێت کە گوێم، **لەشکاندنیدڵیکاکعومەریخاوەرەلەگۆڕەکەیدا**. گرفت لەوێدایە کە ڕۆشنبیری کورد زانستی تاقیکراوە کە پاسای ئەمساڵ پاساکەی پار ڕەتدەکاتەوە، لەگەڵ شارستانییەت (و مەدەنییەت ئەم ووشەیە وەک ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتیەکان دان بە وەحشیبوونی خۆیاندا بنێن، یا ئەو ئاماژەیەی لە خۆگرتووە، پەنا بەیەزدانی مەزن بۆ نامۆ بوونی مرۆڤ لە خۆ!!!)... تێکەڵ دەکات و سەرتاسەری شارستانییەت لە کۆمەڵێک ئامرازی پیشەسازیدا دەخوێنێتەوە، کە بە پێوەرە شارستانییەکە، بۆ گەشەپێدانی ئەو ئامرازانە مرۆڤ کرایە قوربانی و من لەو باوەڕەدام کە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرەتا جوانەکانی مرۆڤایەتی کە ئەو هەموو بەرهەمە مرۆییانەیان خوڵقاند، درێژەدان بەم بەشێوی ڕۆحییەی مرۆڤ ئەستەمە و زۆری ئەماوە لە **ئەستووریدلبسێت**. هەروەک ووتم من پێویستم، بە زۆر لاپەڕە و سەعات هەیە بۆ گێڕانەوەی نیگەرانییەکان، بەڵام لێرەدا بەسەندە دەکەم، بۆ دەرفەتێکی دی.....

بەداخێکی گرانەوە و وەک بەشێک لە درێژەدان بە بەرنامەکانی بەعس ( بیانەوێ یان نەیانەوێ دەچێتە ئەو قاڵبەوە) و وەدیهێنانی خواستە نە خۆشەکانی دەروونی هەندێ لەو مرۆڤانەی کە پەروەردەی فەرهەنگی ئەو ڕژێمەن و بۆ خۆشیان، لە سەردەمی دەسەڵاتی فەسادا، هێندە نزم بیوونەوە کە زەلامەکانی ئەمن و ئاسایشی ڕژێمیان فێری زمانی کوردی دەکرد، ئێستا لە بەرگێکی تردا و بە سوود وەرگرتن لەو بەرهەمەی کە هەزاران هەزار قوربانی ویست، دەیانەوێت بەردەوام بن لە بەجێهێنانی خواستە نە خۆشەکانیاندا و لە فیلمی(شەوەزەنگی هەتاودا) بێگوێدانە هیچ بەها و نرخێکی کوردەواری و مرۆیانە، نزمتر دەبنەوە و دەیانەوێت لە ڕێگەی جۆرواجۆرەوە لە کۆمەڵگای برینداری تاسەر ئێسقان پێویست بە وشیاربوونی کوردا، گەرای نەخۆشی و فەساد بڵاو بکەنەوە و ئەوەی لە سەردەمانی کۆیلایەتی بەعسدا ئەنجام نەدرا، ئێستا لە بەرگی دراوی دیمۆکراسیدا ڕەفتارە ناشرینەکان، شیرین بکەن و بەباسێکی فرە کۆنی بێتام بەناوی (ژن بەژن)ەوە، باس لە خواستە ناتەندروستەکانی دەروونیان بکەن و ئەو هەلەش بۆ پەلاماردانی بەها مرۆیی و کوردەوارییەکان بەکار بێنن.

فیلمی شەوەزەنگی (هەتاو)، بەهەموو پێوەرە دیارەکانی هونەری سینەما، چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی فیلمی کوردی نابێت و بە ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان و پیشاندانی کۆمەڵگای کوردیش، وەک کۆمەڵگایەکی دڕندە، هاوبەشی دید و بۆچوونی دوژمنانی کورد دەکات، هەر هونەرێک پەیامێکی مرۆیانەی پێنەبوو کە یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ گەڕانەوە سەرخۆ و بەرەو باڵا چوون، بێگومان دەکەوێتە خانەی، ئەوبەری مرۆڤایەتییەوە و ئیدی حسابی تری بۆ دەکرێت. هەر هونەرمەندێکیش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەستی کوێرێکی نەگرت بۆ پەڕینەوەی لە سەر شەقام، ئەوا دەبێتە هونەرمەندی پشت شووشەکان و لە ئەوروپا زۆربوون لەو کەسانەی لە ڕۆژێکی بەفرانباری ستۆکهۆڵمدا ویسکیان تێکەڵ بە قاوە دەکرد و نارازی بوونی خۆیان دژ بەجەنگی ڤێتنام دەربڕی و بۆ بەیانی ڕۆژی دووشەممە، دەچوونەوە سەر کارەکەیان لە کارخانەی چەکسازی و مەسیح (ئاشتی خودا لەوان بێت)یان بەخاچێکدا بەگەردنیاندا هەڵدەواسی، ئێستاش ئەوڕەوتە هەر بەردەوامە و...... دۆزینەوەی بازاڕ و مسۆگەرکردنی

لەزەتەنزمەکانی دنییای و نەمانی پەیوەندی بە بالاترەوە، هیچ بەهاو نرخێک لەلای مرۆڤ ناهێڵێت، با پیشاندانی ئەو گەڕان بەشوێن بازاڕەدا لە بەرگێکی فرە پۆست مۆدێرنزمیشدا بێت!!!!!چ دەبوو لە باتی پۆست مۆدێرنزمی ئەوروپایی، خۆرهەڵاتییان، باش سۆفیزمییان هەبایە، وەک ڕەخنەیەک لە پشتکردن و نامۆبوونی ڕوناکبیرانی خۆرهەڵاتی لە فەرهەنگی مرۆدۆستی باپیرانیان و ڕوانینێکی نوێیان بۆ دابەشکردن و هێنان و بردنی سەرمایە و وەگەڕخستنی سیاسەت.... ئەوەی ئاشکرایە لە سەرەتاوە هەمیشە بەشێک لە ڕوناکبیرانی **میللەتێکن کە تەسلیم دەبن** و نەخۆشینەکە بە زەحمەت لەوانەوە تەشەنە دەکات بۆ گەل، چوونکە زۆرینەی گەل پابەندی کۆمەڵێک بەهاو نرخن کە بەگیانی خۆیان پارێزگاری لێدەکەن، ئەمە لای ڕوناکبیر پاشکەوتنە، نموونەی پشتی شووشەکانی سەرەوەش، پێشکەوتن.!!!.. لەیادمانە ڕوناکبیرانی کورد سەردەمانێک، لە خەمی ئەوەدا بوون کە ئایا کورد نەتەوەیە یا نا؟!! هەموو پێناسەکانی جەوتی دنیایان قەبوڵ بوو، کەچی هینەکەی( خانی )یان ڕەتدکردەوە، ئاخر خانی مەلایەکی کورد بوو، ناوەندی سووری بیرکردنەوەش ڕێگەی نەدەدا مەلایەکی کورد، لەگەڵ خوێنمژێکی جۆرجییایدا وەک یەک بن و ئەمی کورد لەو بالاتر، چونکە کورد بوو.؟!! پۆست مۆدێرنیزم بە کورد نامۆیە، چونکە کورد بە حاڵ و ئەحواڵی خۆی مۆدێرنیزمی هەیە کە لەگەڵ ئەو پۆست مۆدێرنزمەی خۆراوادا، بەیەکدی نامۆن و تا ڕادەی پێکهەڵپڕژان لەگەڵ یەکدی ناتەبان. ڕەنگە خۆرهەڵات و کوردیش لە تەکیاندا، هەر شتێکیان نەبێت کە ناوی مۆدێرنیزم بێت، ڕەنگە ئەگەر ئەوان(ڕوناکبیرانیان) هێندە بە فەرهەنگی خۆ نامۆ نەبانایە، ڕەوتی گەشەکردنیان هەر لەسەر بناغەیەکی مەعنەوی بایە، ئەو بناغەیەی کە خۆراوا بە زانایی لە ڕووخاندنیدا دەستێکی بالای هەبووە و هەیە! سالانێکی زۆر بەر لەئێستای مۆدێرنی کۆن، لە خۆرهەڵات ڕوناکدلان هەبوون، واتە سەرەتا **دڵ** ڕۆشن دەبۆوە و هەر ئەوەندەش بەسە بۆ مرۆڤێک کە بەهۆیەوە سەرتاپای دەروون و تەن و ڕەوانی ڕۆشنبێتەوە.
زانستی تاقیگەریی خۆرئاوایی بناغەیەکی مەعنەوی نییەو ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێ ئەرکی خۆی بەتەواوی کە خزمەتکردنی بێجیاوازی مرۆڤایەتییە بە جێبێنێت، بۆیە لەزۆر حاڵەتدا دەبێتە مایەی کارەساتی مەزن. لە بناغەدا زانست تەواوکەری مەعنەویاتە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە نیشانە و هێماکان... ئێدی شارستانییەتی خۆراوا وەک باڵندەیەکی سەربڕاوە بەهەموو لایەکدا تەپاوتل دەکات، بەلام تازە باڵی فڕینی نەماوە بەرەو بالا.
هونەرمەندی ڕاستەقینەی خاوەن پەیام کە گرفتێک دەهورووژێنێ، بۆ چارەسەری ئەو گرفتە پەیامێکی پیرۆزی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەی ناکاتە نیشانە، لە فیلمی شەوزەنگی(هەتاو)دا نووسەر!!! داوا لە پاڵەوانەکەی دەکات کە سنووری پیرۆزی خێزان ببەزێنێ و چارەسەرێک بۆ خەڵق نیشان دەکات، کە ڕوخاندنی یەکێک لە کۆڵەکەکانی خێزانی کوردە و تەنیا خەلکانێک دەتوانن، ئەو بوێرییەیان هەبێت کە لە زۆر ئاوی لێڵیان دابێت و وەتەنگ ناساغی دەروونیانەوە نەبن.... دەرهێنەری فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن)، ئەوهونەرمەندە خاوەن پەیامەیە، کە دەستی مینداڵێکی نابینای کورد دەگرێت، بە باوەڕێکی بەهێزەوە بە نەتەوەکەی، بەرەو ئایندەیەکی ڕوناک، بەمەش ئەوچاوەڕوانییەی من لە هونەرمەندێکی خاوەن پەیام هەمە دێتە دی..نموونەی کاک بەهمەن زۆربن....

کامەران ساڵح قازی ۲۰۰۵/سوید